# سیستەمی زیندانی ئیمرالی
# سیستەمی نێودەوڵەتی تاوان و ئەشکەنجە

ئامادەکردنی دۆسیە:
کۆمیتەی ئازادیی ئۆجەلان – باشووری کوردستان

# دەستپێک

دوای سەرکوتکردن و دامرکاندنەوەی دەیان سەرهەڵدان و ڕاپەڕینی کوردان لە باکووری کوردستاندا، لەنێو دۆخی سەپاندنی سیاسەتەکانی داگیرکاریی هەر لە "نکۆڵیکردن، قڕکردن، کۆمەڵکوژی، تواندنەوە، پارچەکردن و ڕاگواستنەوە تا دەگات بە برسیکردن و هەژارکردن"دا، لە سەرەتای ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، بزووتنەوەیەکی ئازادیی گەلی کوردستان بە ڕێبەریتی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەریهەڵدا و تا ئێستاش ئەم بزووتنەوەیە بەناوی پەکەکە و کەجەکە، وەک درێژخایەنترین و بەهێزترین و فراوانترین بزووتنەوەی ئازادیخوازیی مۆدێرنی کوردستان پەنجا ساڵە بەوپەڕیی دژوارییەوە بەردەوامە لە تێکۆشان و بەرخۆدانی هەمەلایەنەی خۆی.
بۆئەوەی ئەم بزووتنەوە ئازادیخوازییە سەرکوتبکرێت و کۆتایی پێبهێنرێت هەر لەگەڵ سەرهەڵدانیدا، ڕووبەڕووی زۆرترین هێرش و پەلاماردان و پیلانگێڕیی بۆوە، کە لەلایەن دەوڵەتی تورکیا و بەهاوکاریی چینە هاوکار و وابەستە خۆجێیەکانی باکووری کوردستان و بەپشتیوانی ڕاستەوخۆی دەوڵەتە سەرمایەدارەکان، کە هاوپەیمانێتی ناتۆ نوێنەرایەتی دەکات، بەڕێوەچووە. هاوکاریی و پشتیوانییەکان بۆ دەوڵەتی تورکیا، هەر لەو سنوورەدا نەمایەوە، بەڵکو گەلێک هێزی بەکرێگیراوی کوردی لەبەشەکانی تری کوردستان و گەلێک لە دەوڵەتانی خۆرهەڵاتی ناوین و ئەفریقیاش بوونە هاوکار و پشتیوانی بەردەوامی دەوڵەتی تورکیا و بەهەموو شێوەیەک بەشداربوون لەو هێرش و پەلاماردان و پیلانگێڕییانەی کەوا دژ بە بیرمەند و ڕێبەری ئەو بزووتنەوەیە بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان و بزووتنەوەکە و گەلی وڵاتپارێزی کوردستان. بۆیە کاتێک سەرجەم ئەو دژایەتییکردنانە بێ ئەنجام بوون و تا دەهات پێگەی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان و بزووتنەوەکەی و گەلی کوردستان لە ئاستی کوردستان، تورکیا، خۆرهەڵاتی ناوین و جیهان بەهێزتر دەبوو، گلادیۆی ناتۆ بەهاوکاری ئەو دەوڵەت و هێزە هاوکار و پشتیوانانەی تورکیا، پیلانگێڕییەکی نیودەوڵەتیان دژ بە بەڕێز ئۆجەلان و گەلی کوردستان و بزووتنەوە ئازادیخوازەکەی داڕشت و لە ٩ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٨دا، لەمیانەی بە ئامانجگرتنی بەڕێز ئۆجەلاندا، ئامادەکارییان بۆ دەستتێوەردان و شەڕێکی گەورە لە خۆرهەڵاتی ناویندا، سەرەتا بە هەڕەشەکردن لە سوریا دەستپێکرد. کاتێک بەڕێز ئۆجەلان، لەمیانەی دەرکەوتنی لە خۆرهەڵاتی ناوین و چوونی بۆ ئەوروپا ڕێگیریی لەو دەستتێوەردانەی ناتۆ و بەرپابوونی ئەو شەڕە لە خۆرهەڵاتی ناویندا گرت، دەوڵەت و هێزە پیلانگێڕەکان، بەردەوامییان بەو پیلانگێڕییە دا و لەهەوڵی لەناوبردن یان دیلکردنی بەڕێز ئۆجەلاندا بوون. ئەوەبوو، دوای چوار مانگ لە جێبەجێکردنی

ئەو پیلانەیاندا، لە ئەنجامدا؛ لە ١٥ی شوباتی ١٩٩٩دا بەڕێز ئۆجەلانیان لە نایرۆبی پایتەختی کینیا دەستگیر کرد و رادەستی دەوڵەتی تورکیایان کردەوە. بەمەش هەم قۆناخێکی نوێ لە زنجیرەی پیلانگێڕییەکان دەستپێکرد، هەمیش بۆ بەڕێز ئۆجەلان و گەلی کوردستان و بزووتنەوەکەیشی قۆناخێکی نوێ بوو. کە پێویست بوو بە بەرخۆدانێکی مەزن و مێژووییەوە رووبەڕووی ئەو پیلانگێڕییە ببنەوە.

هێزە پیلانگێڕییەکان، بەم پیلانگێڕییەیان، دەستتێوەردانێکی نوێیان لە کوردستان و تورکیا و خۆرهەڵاتی ناویندا کرد. لەلایەکەوە؛ هەوڵیاندا زەبر لە پێگەی رێبەریتی بەڕێز ئۆجەلان بدەن و بەمەش زەبرێک لە گەلی کورد و بزووتنەوەکەی بدەن، لەلایەکی دیکەشەوە، بە رادەستکردنی بەڕێز ئۆجەلان بۆ تورکیا، تورکیا زیاتر وابەستە بە خۆیان بکەن. وەک بەڕێز ئۆجەلان دەڵێت:"رادەستکردنی من بە تورکیا وەک هاوێشتنی تۆپەڵێک ئاگربوو بۆ گڕتێبەردانی تورکیا و ناوچەکە." دەوڵەتی تورکیاش لەزاری بوڵەند ئەجەویدی سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتەدا تەواو دەرکی بە ئامانجە شاراوەکانی ئەو پیلانگێڕییە نەکرد و رایگەیاند:" ئێمە نازانین بۆچی ئۆجەلانیان رادەستکردووینەتەوە". بەڵام بەڕێز ئۆجەلان هەر زوو دەرکی بە ناواخن و ئامانجە شاراوەکانی پیلانگێڕییەکە کرد. دەرکی بەوە کرد کە پیلانگێڕییەکە دوو بژاری لەبەردەم بەڕێز ئۆجەلان و گەلی کوردستان و بزووتنەوەکەی داناوە کە؛ یان تەسلیم بە سیستەمی باڵادەستی جیهانی ببن، یان کۆتاییان پێبێت، جا چ بە خۆکوشتن بێت، یان بە کوشتنی قۆناخ بە قۆناخی بەڕێز ئۆجەلان و لەناوبردنی بزووتنەوەی ئازادیی و سەرلەنوێ پەیڕەوکردنی سیاسەتە داسەپێنراوەکانی داگیرکاریی بێت.

بەڵام بەڕێز ئۆجەلان هیچ یەکێک لەو بژاردانەی پیلانگێڕانی پەسند نەکرد و رەتیکردەوە. لەبری ئەمە بژاری بەرخۆدانی بەردەوام و هاویشتنی قەڵەمبازێکی نوێی پارادایمی کردە بژاری بنچینەیی خۆی و گەلەکەی و بزووتنەوەی ئازادیی. بزووتنەوەی ئازادیی و گەلی کوردستانیش بەهەمان شێوە ئەو بژاردانەی پیلانگێڕانیان بە توندی رەتکردەوە و بڕیاری بەرخۆدان و بەرزکردنەوەی ئاستی تێکۆشانی خۆیان دا. لێرەوە زیندانی ئیمڕاڵی، کە وەک سیستەمێکی تاوان و ئەشکەنجەی هێزە پیلانگێڕەکانە، بووە قۆناخێکی نوێی ململانێ و شەڕی نێوان تورکیا و ناتۆ و پیلانگێڕانی دیکە لەلایەک و بەڕێز ئۆجەلان وەک نوێنەری ئیرادەی ئازاد و سیاسی گەلی کوردستان لەلایەکی دیکە و بۆ ماوەی ٢٤ ساڵە ئەم شەڕ و ململانێیە لە ئیمڕاڵی و دەرەوەی ئیمڕاڵی بەردەوامە. هەر بۆیە لەم ٢٤ ساڵەدا؛ مەزنترین شەڕ بەهەموو واتایەکییەوە، لە ئیمڕاڵی بەڕێوەچووە. شەڕی نێوان پارادایمی داگیرکاریی و پاوانخوازیی تورکیا و ناتۆ لەلایەک و پارادایمی ئازادی و ئاشتی و بەیەکەوەژیانی دیموکراتیانەی گەلانی بەڕێز ئۆجەلان و گەلی کورد و بزووتنەوەی ئازادیی لەلایەکی دیکە.

# راستینەی سیستەمی زیندانی ئیمڕاڵی
# (پێشینەی مێژوویی و دۆخی ئێستای)

دوای رادەستکردنەوەی بەڕێز ئۆجەلان بە تورکیا و زیندانیکردنی لە ئیمڕاڵی، نوێنەری کۆمیتەی دژ بەئەشکەنجەی کۆنسەی ئەوروپا(CPT) لەو زیندانەدا بەڕێز ئۆجەلان دەبینێت و پێیدەڵێت:" لەم زیندانەدا دەمێنیت، ئێمەش لەڕێی کۆنسەی ئەوروپاوە هەوڵی چاودێریکردنی ئێرە و پێشخستنی هەندێک چارەسەری دەدەین."

لەمەوە دەردەکەوێت؛ ئەوەی سیستەمی زیندانی ئیمڕاڵی بەڕێوە دەبات لەسێ لایەنەوە بەڕێوەدەچێت کە ئەمریکا، یەکێتی ئەوروپا و دەوڵەتی تورکیایە، کە هەر سێ لایەنیان لە ناتۆ دان، واتا وەک چۆن پیلانگێڕییەکە پیلانگێڕییەکی نێودەوڵەتی بوو و ناتۆ بەڕێوەی برد، ئەوا سیستەمی زیندانی ئیمڕاڵیش سیستەمێکی نێودەوڵەتی ناتۆییە و درێژەپێدەری پیلانگێڕییەکەیە.

سیستەمی زیندانی ئیمڕاڵی نموونەیەکی زۆر تایبەت و تاقانەیە لە جۆری زینداندا. لە مێژوو و رۆژگاری ئەمڕۆشدا نموونەی نییە. لەمێژوودا باس لەو زیندانانە دەکرێت کە لە دوورگەیەک دان، کە بەئامانجی ئەوەی زیندانییان لەهەموو دونیای دەرەوە دابڕیندرێن و توانای راکردنیان نەبێت و بە رێسای تایبەت و توند بەڕێوەببرێن و هەموو جۆرە سزا و ئەشکەنجەیەک بدرێن و بکوژرێن بێ ئەوەی کەس هەواڵ و زانیاریی لەبارەی دۆخی زیندان و زیندانیانەوە هەبێت. وەک زیندانی نارگین(Nargin) لە دەریای قەزوین، ئەسینارا(Asinara) لە نزیک دوورگەی سەردینیا،ماڵتا(Malta) لە دەریای سپی ناوەراست، سەخالین(Sahalin) لە دەریای ئۆخۆتسک، سینوپ(Sinup) لە دەریای رەشی سنووری تورکیا، سۆلیڤیست(Solevest) لە زەریای بەستەڵەکی باکوور، سالوت(Salut) لە ئەمریکای لاتین، روبنRobin لە ئەفریقیای باشوور، دوورگەی مالایا Malaya لە نزیک دەریای هیندی چینی و گوانتانامۆ لە کەنداوی گوانتانامۆ.. هەریەکێک لەو زیندانانەی ئەو دوورگانە بەوە ناسراون کەوا بەدڕندەترین شێوە بەندکراوەکانیان ئەشکەنجە و سزا داوە. ئەو جۆرە زیندانانەی نێو دوورگەکان بەسێ شێوە زیندانیان دەکوژن: یەکەمیان؛ لەسێدارەدان و ملپەڕاندن و گوللەبارانکردن، دووەمیان؛ لەژێر ئەشکەنجە جەستەیی و دەروونی و رۆحییەکان، سێیەمیان؛ مانەوەیان لە زیندان تا مردن. بەڵام هیچیان نەگەیشتبوونە ئاستی زیندانی ئیمڕاڵی لە سزا

و ئەشکەنجەدان، وەک ئەوەی لە شێوەی زیندانی (پیتی F)ی ئیمرالیدا هەیە. وەک سکرتێری گشتی ئەنجوومەنی ئاسایشی میللی (MGK)ی ئەوکاتە ژەنرال تونجەر کلینچ (Tuncer KILINÇ)، لە ٢٥ی نیسانی ٢٠٠٣دا گووتی:" ئەگەر بمانەوێ یەکسەر ئۆجەلان دەکوژین، ئەو ئەمەی دەوێت، کە زیانی زۆری بە وڵاتەکەمان گەیاندووە، بەڵام بە مانەوەی لە ژیاندا نەک یەکجار کوشتن بەڵکو هەموو رۆژ جارێک ئۆجەلان دەکوژین" گوزارشت لە راستینەی سیستەمی سزا و ئەشکەنجەی زیندانی ئیمرالی دەکات. تەنانەت زیندانی گوانتانامۆ کە لە کەنداوی گوانتانامۆیە و لەساڵی ٢٠٠٢وە لەلایەن ئەمریکاوە بەڕێوەدەبرێت و لەشێوەی سیستەمی زیندانی ئیمرالی دروستکراوە، لە ئەشکەنجە و سزادان و رێساکانی بەڕێوەبردنیدا ناگاتە ئاستی زیندانی ئیمرالی. هەروەها هیچ یەکێک لەو زیندانانە وەک ئەوەی ئیمرالی سیفەتی نێودەوڵەتیان وەرنەگرتووە، بەڵکو یەک دەوڵەت و دەسەڵات بەڕێوەیان بردوون.

هەروەها باس لە گەلێک "**زیندانی توندگیری باڵا**"ی دەرەوەی دوورگەکانیش دەکرێت، وەک زیندانی؛ سینگ سینگSing sing لە ئەمریکا، ستامهایمStammheim لە ئەڵمانیا، لونگ کیت Long Keth لە بریتانیا، سپینانگCipinang لەنزیک جاکارتای ئەندەنووسیا، کە هەموویان بەناوبانگن لە جۆرەکانی کوشتن، سزادان و ئەشکەنجە جۆربەجۆرەکان. بەڵام ئەو زیندانانەش لەڕووی دیسپلینی داسەپێنراو و جۆرەکانی ئەشکەنجە دەروونی و رۆحی و جەستەییەکان بە ئاستی زیندانی ئیمرالی ناگات و هیچیان رەهەندی نێودەوڵەتیان نییە.

لێرەوە بەو راستییە دەگەین کە سیستەمی زیندانی ئیمرالی لەیەککاتدا کۆکراوەی ئەزموونی هەموو زیندانەکانی نێو دوورگەکان و "**زیندانە توندگیرە باڵاکان**"ە کە لە مێژوو و رۆژگاری ئەمرۆماندا هەبوون و هەن. واتا لە سیستەمی زیندانی ئیمرالیدا؛ کۆی درندەیی و کوشندەیی سیستەمی شارستانێتی دەسەڵاتداریتی و دەوڵەتگەرایی لەخۆیدا بەرجەستە کردووە.

زیندانی ئیمرالی لەشێوەی سیستەمێکی سزا و ئەشکەنجەدانی دەروونی و رۆحی و جەستەیی بێوێنەدا لەلایەن ئەمریکا، یەکێتی ئەوروپا داڕێژراوە و تورکیاش لەلای خۆیەوە سیستەمی سزا و ئەشکەنجەکانی خۆیشی لێ زیاد کردووە و وەک پاسەوان و گاردیانێکی ئەو زیندانە بەڕێوەی دەبات. زیندانی ئیمرالی پێش زیندانیکردنی بەڕێز ئۆجەلانیش ناوبانگێکی هێجگار خراپ و ناشیرینی هەبووە. لەسەردەمە جیاوازەکاندا گەلێک لە کەسێتی سیاسی وەک عەدنان مەندەریس، حەسەن پۆلاتکان، فاتن روشتو زۆرلو، نووسەر و هونەرمەندی وەک یەڵماز گوینەی، نووسەر رەفعەت ئیلگاز، نووسەر ئیبراهیم باڵابان، نیگارکێشی یۆنانی ئەنگۆلۆس ستافۆنودیس Angulos Stafonodis و دەیان و سەدان کەسێتی سیاسی و هونەرمەند و نووسەر و رۆشنبیر تێیدا زیندانی کراون و رووبەڕووی

سزا و ئەشکەنجە جۆراوجۆرەکان بوونەتەوە و بەشێکیشیان لەسێدارە دراون یان لەژێر ئەشکەنجەدا کوژراون، یان تا مردن لە زینداندا بوون. بەڵام لەگەڵ زیندانیکردنی بەڕێز ئۆجەلاندا ئاستی دیسپلینی داسەپێنراو و سزا و ئەشکەنجەکان زیاتر و توندتر کراون و سەرلەنوێ بیناسازییەکەی درووستکرایەوە و لەسەر سیستەمی پیتی(F)دا درووستکراوەتەوە.

ئیمراڵی وەک دوورگەیەک لە مێژووی دێریندا لەژێر باڵادەستی ئاکا Akaییەکان و حسییەکان(الحثيين) دابوو و ناوی ئاگیانۆن Aigainonبوو، دواتر گۆڕدرا بۆ Besbicus بیسبوس. دواتر لە ساڵی ٧٤ی پێش زاییندا ئیمپراتۆرییەتی رۆمانی (بێزانسەکان) داگیریان کرد. تا دواتر لەلایەن ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانیدا داگیر کرایەوە. ئەم دوورگەیە پێشتر چەندین ناوی تری هەبوو، وەک؛ ئاگیانۆن(Aigainon)، بەسبجوس(Besbicus)، گالیۆس(Galios) و لەسەردەمی بێزانسەکاندا ناوی بۆ کالیئۆلیمنۆس(Kalolimnos) گۆڕدرا. لەسەردەمی ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانیشدا کە لەلایەن فەرماندەی سەربازی میر عەلی (الامير علي)ییەوە داگیرکرا، ناوی بۆ دوورگەی ئەمیر عەلی یان (ئیمراڵی) گۆڕدرا. لەوکاتەوە لەژێر دەسەڵاتی ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی و پاشانیش لەساڵی ١٩٣٥دا وەک زیندانێک لەلایەن کۆماری تورکیادا بەکارهێنراوە. ئەم زیندانە لەماوەی سەد ساڵی رابردوودا بۆتە دۆزەخێکی سەرزەمین و دوورگەیەک پڕ لە ترس و تۆقاندن و کوشتن و سزا و ئەشکەنجەی دژواری سەدان زیندانی. لەرێگەی ئەم زیندانە دۆزەخییەوە، دەسەڵاتدارانی تورکیا کەسانی ئۆپۆزسیۆن، شۆڕشگێڕ، ئازادیخواز و چەپ و سۆسیالیستەکانیان تێدا بە سەختترین شێوە رووبەڕووی سزا و ئەشکەنجە و مەرگ کردۆتەوە.

لەئانوساتی زیندانیکردنی بەڕێز ئۆجەلان لە ئیمراڵی، سەرجەم زیندانییەکانی تر رەوانەی زیندانەکانی تر کران و تەنیا بۆ بەڕێز ئۆجەلان تەرخان کرا. بەگوێرەی پێگەی رێبەرێتی بەڕێز ئۆجەلان لە تێکۆشانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردستاندا، کە وەک گەورەترین دووژمنی رژێمی تورکیا و ناتۆ و سیستەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی بینراوە، سیستەمێکی نوێی دیسپلینی زۆر توند و کۆنترۆڵکراو دارێژراوە، بیستوچوار کاتژمێر هەموو شوێنێکی ئەو زیندانە بەکامیرای چاودێری چاودێری دەکرێت، تەنانەت ژووره تاکەکەسییەکەی بەڕێز ئۆجەلانیش بە کامیرای چاودێریی بەردەوام چاودێری دەکرێت. زیاتر لە هەزار پاسەوان پاسەوانی دەکرێت، هاوشانی پاسەوانیی هێزەکانی تورکیا، لەلایەن خودی ئەمریکا و ناتۆوە چاودێری دەکرێت. دوورگەکە دۆخێکی شێداریی زۆر خراپی هەیە، کە مانەوە لەم دوورگەیەدا دەبێتە هۆی چەندین نەخۆشی جەستەیی و رۆحی و دەروونیی وەک؛ هەوکردن، رەبۆ، نەخۆشییەکانی قورگ، لووت، سینگ، گورچیلە، تەنگەنەفەسی، کە ئێستا بەڕێز ئۆجەلان تووشی ئەو نەخۆشیانە بووە.

خودی زیندانەکە لە دوو نهۆم پێکهاتووە، پاسەوانەکان لە نهۆمی سەرەوە و ژووری زیندانی بەڕێز ئۆجەلانیش لە نهۆمی خوارەوەیە، نهۆمی خوارەوە لە سێ ژوور پێکهاتووە، هەر ژوورێک ١٣ مەتری چوارگۆشەیە، بەڕێز ئۆجەلان لە یەکێک لەو ژوورانە دایە، پارێزەرەکان لە ژوورێکی تردا دیدارەکانیان ئەنجام دەدا، خانەوادەی بەڕێز ئۆجەلان و سێ زیندانیەکانی تر لە ژوورەکەی تردا دیداریان ئەنجام دەدا. پەنجەرەیەکی زۆر بچووک لە بنمیچی ژوورەکە دایە و تەنیا ئاسمانی تێدا دەبینرێت و رۆژانە تەنیا چەند کاتژمێرێک بۆ هەواگۆڕین دەکرێتەوە. بەڵام لەکاتی سزا دیسپلینییەکاندا، کە زۆرکات هەر شەش مانگ بەدوای یەکدا دووبارە دەکرێتەوە ئەو هەواگۆڕینەش کەمدەکرێتەوە.

# هەڵوێستی بەڕێز ئۆجەلان لەبەرامبەر بە سیستەمی زیندانی ئیمڕاڵی

هەڵبەتە لێرەدا پێویست بە جەختکردنەوە هەیە لەسەر ماناکانی قۆناخی ئیمڕاڵی بەڕێز ئۆجەلان، هەڵوێستی لە ئیمڕاڵی، ئەو تێزانەی لەماوەی ئیمڕاڵیدا دەستنیشانی کردوون، پارادایمی نوێن و لێرەشەوە پێویست بە جەختکردنەوە لەسەر مانای ئەو هەڵوێستانەی کە بەدوای هەموو ئەوانەدا دێت. بەر لە هەموو شتێک بەندکراوێکی وەک بەڕێز ئۆجەلان ڕێبەرێکە کە لە ئاستی ڕێبەرایەتیکردن بۆ پارت، نەتەوە، گەل و شۆڕشی رۆژهەڵاتی ناوین دایە. هاوکات بە کەسایەتی و فیکر، بە هەڵوێست و کردار، بەو بەرخۆدانەی بە هەڵوێست و بە ڕووبەڕووبوونەوە لەبەرامبەر بە دوژمن دەیکات، دیارە وادەکات کە لە زۆر لە بەندکراوان و بەرخۆدێرانی دیکە جیاوازتر بێت. تێکڕای هەڵوێست و کەسایەتی بەڕێز ئۆجەلان لە ئیمڕاڵی و ئەو پڕۆژە و دەستپێشخەریانەی لەوێ دایڕشتوون و کردوونی؛ لەم چوارچێوەیەدا بووە. بەڕێز ئۆجەلان لە قۆناخی ئیمڕاڵیدا زۆر لە زیندان زیاتر، لەسەر شۆڕشی کوردستان، تورکیا و رۆژهەڵاتی ناوین قاڵبوونەوەی کردووە. بەرخۆدان، هەڵوێست و لێکدانەوەی بۆ قۆناخیش هەر لەسەر بنەمای ئەو ڕێنماییە بووە. لە ئاستێکی بەرز و بەرچاودا بەرخۆدانی بە بنچینە وەرگرتووە و خۆی کردووە بە دەیان پارچە بۆ گەیشتن بە وەڵامی پرسیارەکانی: " لە ئیمڕاڵی؛ چۆن بتوانم درێژە بە پێگە و ڕۆڵی ڕێبەرایەتی بدەم و چۆن پەرەی پێبدەم، چۆن بتوانم تەسفیەگەرێتی و پیلانگێڕیی نێودەوڵەتی سەپێندراو بێکاریگەر بکەم، چۆن بتوانم

لێرە؛ لە ئیمرالی؛ پەرە بە شۆڕشی کوردستان بدەم و گەورەی بکەم، چۆن دەتوانم هاوکاری زیاتر بدەم بە پارتیم و هەڤالانم و گەلەکەم کە لەدەرەوە لە هەژان دان"..

بەر لە هەموو شتێک هەڵوێستی ئاشکراکردنی پیلانگێڕیی نێودەوڵەتی نیشانداوە کە ئامانجی لەناوبردنی شۆڕشی کوردستان، تورکیا و رۆژهەلاتی ناوین بوو. لە هۆکار و ئەنجامەکانی پیلانگێڕیی کۆڵییوەتەوە و دەستی بە هەوڵەکانی کردووە. پاشان بە تێزی نوێوە چاوی بە شۆڕشەکانی کوردستان و جیهاندا خشاندەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ کردووە. لە ئەنجامی شیکار و هەڵسەنگاندنەکانیدا تیۆرییێکی نوێی بۆ شۆڕش داناوە. لەم چوارچێوەیەشدا بناخەی بۆ پارادایمی نوێ داناوە. توانی لەڕێگەی تێزەکانی کۆماری دیموکراتی، کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتی، نەتەوەی دیموکراتییەوە شۆڕشی کوردستان زۆر قووڵتر بکاتەوە و شۆڕش لەناو دەوڵەت-نەتەوەکانی داگیرکەری کوردستاندا تێز و پێکهاتەی تیۆریی بۆ ئەو سنووره داناوە. بەڕێز ئۆجەلان لە دوورگەی ئیمرالی بە قاڵبوونەوەیەکی گەورەی ئایدیۆلۆژی و هزریدا کار و خەباتی ناوازەی لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوە، توێژینەوە، شیکار، تێز و دژەتێزی بە ئەنجام گەیاند. پارادایمی نوێ لەوێ، لە ئیمرالی نەشونمای کرد. ئەگەرچی لە رابردووشدا هەوڵی بناخەدانانی بۆ پارادایمی نوێ دابوو و هەندێک سۆراخی تیۆری بۆ ئامادەکردبوو، بەلام لە بنەمادا لە ئیمرالی پێیگەیاند و لەوێ پێشکەشی جیهانی کرد. پارادایمی نوێ نەک تەنیا بۆ شۆڕشی کوردستان، لە هەمانکاتدا بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە ئایدیۆلۆژی و تیۆرییەی لەدوای رووخانی سۆسیالیزمی بونیادنراوەوە سەریهەڵدا بووەتە پارادایمێک کە لە سەرتاپاگیری تێزە هەرە گرنگەکان پێکدێت. بۆ بلۆکی شۆڕشگێڕی جیهانی بووەتە هێز و بووەتە ئامرازێکی گرنگ لە درێژەپێدانی تێکۆشانی دیموکراتیشدا. لەوانەش؛ خوێندنەوە بۆ ژن، خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی، نەتەوەی دیموکراتی، سیستەمی نادەوڵەتی، کۆمەڵگەی ئەخلاقی – پۆلیتیک و لە هەمووشیان واتادارتر فۆرمی کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتی.

لە ئیمرالی؛ ئەنجامدانی کارێکی وەها مەزن و بێ وێنە؛ بەدیهێنانی تێزەکانی شۆڕشی جیهانی و پارادایمی شۆڕشی کوردستان؛ لەگەڵ خۆیدا بەهێڵی ئەستوور هەڵوێستی خۆی لەمەڕ شۆڕش و دژە شۆڕشیش نیشانداوە.

بەڕێز ئۆجەلان لە دیدارەکانیدا گوتبووی: "بەرخۆدانم لە ئیمرالی، پەردە لادانم لەسەر پیلانگێڕیی نێودەوڵەتی، شێوەپێدانی پارادایمە نوێیەکەم کە لە بەرگرینامەکانمدا باسم کردووە، پڕکردنەوەی بۆشاییەکانە بەو تێزە نوێ و پێکهاتە ئایدیۆلۆژییەی لە بابەتی هاوکاریدانم بە شۆڕشی جیهانی لە ژێر پاشماوە وێرانەکەی سۆسیالیزمی بونیادنراو دایە".

بێگومان بەلای ڕێبەرێکەوە بەرخۆدان؛ مانگرتن نییە لەپێناوی ڕاستکردنەوەی هەندێک لە هەلومەرجەکانی ژیانی زیندانی بێت یاخود بۆ دەستبەرکردنی هەندێک دەرفەتی ژیانی کەسێتی خۆی. بەڕێز ئۆجەلان وەک ڕێبەرێک بەرخۆدانی دەکات، بیری لەلای شۆڕشە، بیری لەلای چۆنێتی ئازادکردنی گەلەکەیەتی، هەموو ئەقڵ و هۆشی خۆی تا کۆتا دەخاتە بەردەم چۆنێتی خوڵقاندنی ئەو کۆمەڵگەیەی کە مەبەستێتی، ئەو کەسەیە کە بە گەورەییەوە بیر لە دوالیزمی لەگەردوونیبوونەوە بۆ تایبەت و لەتایبەتەوە بۆ گەردوونیبوون دەکاتەوە و لە بواری پرەنسیپە بنچینەییەکانی شۆڕشی جیهانیدا دەزانێت هەنگاوی گەورە هەڵگرێت. بەڕێز ئۆجەلانیش لە ئیمرالی وەهای کردبوو و بەو شێوەیە بەرخۆدانی کردووە. بەرخۆدانی بەڕێز ئۆجەلان؛ بووە بە بەرخۆدانی ڕزگارکردنی پەکەکە، سەرلەنوێ ئاواکردنەوە، سەرلەنوێ بونیادنانەوە، بەرزترکردنەوەی تێکۆشانی گەلی کورد، دانانی بەردی بناخەی هاوبەشی و پشتیوانی گەورەی نێوان گەلانی خۆرهەڵاتی ناوین. ئەگەر ئەم قاڵبوونەوە گەورەیەی ئایدیۆلۆژی، هزری، پارادایمی و ڕێکخستنیانە و ئەم چالاکییە گەورەیەی خوڵقاندن نەکرابا، دیارە چارەنووسی شۆڕشی کوردستانیش جیاواز دەبوو، دەشبێت ڕێگە لەبەردەم قڕکردنێکی زۆر گەورە ئاوەڵا ببووایە. هەر بۆیە بەرخۆدانی بەڕێز ئۆجەلان لە ئیمرالی بەربەندێکی پۆڵاینی لە پێش داگیرکەران دروستکرد. لەئاستی هەرە بەرزدا بە فەلسەفەی: "من هەبووم، هەم، هەر دەبم" ڕووبەڕووی دوژمن ڕاوەستاوە. بۆیە دەبینین؛ ئەمڕۆ بە پارادایمی ئازادییەوە، کە لە زیندانی ئیمرالیدا گەیاندی بە لوتکەی فەلسەفی و کرداریی، ئەمڕۆ دەبینین؛ شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادیی لە جوگرافیایەکی گەورەی وەک ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا، پەرەیسەند، کە لەناواخنی خۆیدا شۆڕشی هەموو ژنان و گەلانی خۆرهەڵاتی ناوینە، دژەتێزی کوردستانی و خۆرهەڵاتی ناوینییە، لەبەرامبەر بە شارستانێتی خۆرئاوایی دەسەڵاتگەرا-دەوڵەتگەرا.

# سیستەمی ئیمرالی
# سیستەمێکی نێودەوڵەتییە

پیلانگێڕییەکە نێودەوڵەتی بوو. ژمارەیەکی زۆر دەوڵەت یەکیانگرت و بەڕێز ئۆجەلانیان ڕادەستی دەوڵەتی تورکیا کرد. سەرەتا ئەمریکا، ئینگلتەرا، پاشان ئیسرائیل، یۆنان، ئەڵمانیا، ڕوسیا و دەوڵەتانی

تریش بەدوایدا بەشدارییان لەقۆناخەکانی ئەو پیلانگێڕییەدا کرد. هەندێک هێز و ڕێکخراوی هەرێمیش کە دەوڵەت نەبوون بەڵام لە ئاستی دەوڵەتۆکە دابوون بەشداریان لەو قۆناخانەدا کرد. چونکە دەستگیرکردن و زیندانیکردنی بەڕێز ئۆجەلان بەکەڵکی هەموو کەسێک یاخود ڕاستترەکەی بە کەڵکی سیستەمی سەرمایەداریدا دەشکایەوە. چونکە هەموو ئەو دەوڵەت و هێزانەی جێگەی باسن ئەو سیستەمەیان لە بەرژەوەندی خۆیاندا نەدەبینی کە بەڕێز ئۆجەلان هەوڵی بونیادنانی دەدا. سیستەمەکەی بەڕێز ئۆجەلان سیستەمێکی دیموکراتی، ئازادیخواز، یەکسانیخواز، کۆمیناڵ و مرۆڤییە. سیستەمێکە برسێتی، تاکڕەوی، خۆپەرستی، کۆیلایەتی، نادادپەروەری و ناحقوقییەتی تیادا نییە. ئەم سیستەمە کە ئازادی و دیموکراتیی تیایدا باڵایە، ژن تیایدا ئازادە، پیاو ئازادە و ژیان واتای هەیە؛ ناوی کۆمەڵگەی ئەخلاقی و پۆلیتیکییە. بە گوزارەیەکی تر؛ کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتییە کە هەموو گەلان، چین، ڕەنجدەران و هەموو کۆمەڵگە و کەمینەیەکی دژی تاڵانکاریی تیایدا بە ئازادی خۆی دەردەبڕێت. بەڕێز ئۆجەلان لە ئاستێک دایە کە نەک تەنیا بۆ کورد بەڵکو بە جیهانی بووە و چارەنووسی ڕۆژهەڵاتی ناوین و گەلانی ناوچەکەی دیار دەکات، لەم ڕەهەندەیەوە سەرنجی ئیمپریالیزمی بەلای خۆیدا ڕاکێشابوو. هێزە نێودەوڵەتییەکان نەیانتوانی بێدەنگییان لەبەرامبەر بە ڕێبەرێک هەڵبژاردایە کە لە هەموو ڕوویێکەوە لە دژی دەوڵەتێکی ئەندامی ناتۆ شەڕ دەکات، بەمەوە ناوەستێت و لە کوردستاندا کۆمەڵگەیەکی ئەخلاقی و پۆلیتیک بونیاد دەنێت، بەمەشەوە ناوەستێتەوە و دەیەوێت هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوین لەژێر چەتری کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیدا کۆبکاتەوە. کە بێدەنگیش نەبوو و ئەمریکای سەردەستەی هێزە ئیمپریالیستە نێودەوڵەتییەکان گوتی: "یان ئەوەتا خۆت ڕادەستی سیستەمەکەم، یاسا و هێزی سیاسیم دەبیت، یان ئەوەتا لەناوتدەبەم". سەرەنجام لە ساڵی 1999 بە پیلانگێڕییەکی نێودەوڵەتی؛ بەڕێز ئۆجەلان لە دوورگەی ئیمڕاڵی خستە زیندانەوە.
ئەمریکا تەنیا بە ئەنجامدانی پیلانگێڕییەکە نەمایەوە، لە هەمانکاتدا لەماوەی بەندکرانەکەشیدا کاری لەسەر کردووە، شوێنی بەندکرانەکەی دەستنیشان کرد، یاسا و پەیڕەوەکانی ناو زیندانەکەش هەر لەلایەن خۆیەوە دانرا. لەم واتایەدا سیستەمی ئیمڕاڵی سیستەمێک نییە کە تەنیا لەلایەن دەوڵەتی فاشیستی تورکیاوە دانرابێت، بەڵکو سیستەمێکە لەسەر خواستی ئەمریکاش بووە. بە واتایەکی زۆر ڕوونتر؛ سیستەمی ئیمڕاڵی سیستەمی ئەمریکاییە، سیستەمێکە هێزە نێودەوڵەتییەکان بنچینەکەیان داڕشتووە و بە یاسا و ڕێسا سیستەماتیزەیان کردووە. ئەم سیستەمەش ناوی داڕزاندن و شکاندنی ئیرادەیە. لەجیاتی ئەوەی بە هەڵمەتێک و بەجارێک و بە گورزی شمشێرێک بیکوژێت، بەپێی کات، درێژی دەکاتەوە، ئازاری دەدات، هێواش هێواش بە تواندنەوە دەیکوژێت. سیستەمی ئیمڕاڵی بەو ئامانجە دامەزرا و یاسا و ڕێسا و پەیڕەوەکانیشی هەر بەو هۆکارە دەستنیشان کراون. هەر

بۆئەمەشە کە لە دونیادا وێنە و وێنای نییە. مرۆڤێک (٢٤)ساڵ بە تەنیا، لە دوورگەیەک، لە ناوەڕاستی ئەم دوورگەیەدا لە ژوورێکی تاکەکەسیدا، ئەم پەیڕەوکارییە وێنای نەبووە و نابێت. بەڵام لە سەدەی بیست و یەکدا هێزە نێودەوڵەتییەکان و دەوڵەتی تورکیا پەیڕەوکارییەکی وەهایان بەدیهێناوە. لەم واتایەدا ئەو پەیڕەوکارییانەی لە ئیمراڵی دەکرێن، ئەو یاسا و ڕێسایانەی دەسەپێندرێت و ئەو زیهنییەتەی لە کاردایە؛ دژایەتی گەل و نەتەوەی کوردیش دەخاتەڕوو. هاوکات ئەو سیستەمەی لەوێکانەدا پێکەوەنراوە و بونیادنراوە تەنیا لە دژی کەسێک نەکراوە، بەڵکو لەکەسایەتی مرۆڤێکدا لەدژی نەتەوەیەک، لە دژی گەلێک کراوە و دەکرێت. سیستەمێکی ئیمراڵی هەیە کە لە کەسایەتی بەڕێز ئۆجەلاندا بەسەر گەلی کورددا دەسەپێندرێت. پێویستە بەم جۆرە سیستەمی ئیمراڵی بخوێنینەوە و ببینین. ئەگەرنا تێگەیشتنێکی ڕاستی لێ دەستەبەر نابێت. لەم واتایەدا بەڕێز ئۆجەلان و گەلی کورد و نەتەوەی کورد زۆر بە توند و پەیتییەوە پێکەوە گرێدراون. وەکو گۆشت و نینۆک وان، وەکو دیاردەی تەواوکاری یەکترن. هەر بۆیە ئازادی بۆ بەڕێز ئۆجەلان بەواتای ئازادییە بۆ گەلی کورد. بەڕێز ئۆجەلان لە هەمانکاتدا لە ئاستی ڕێبەرێکی جیهانی دایە کە نوێنەرایەتی سۆسیالیزم، سەرجەم بەها مرۆڤایەتییەکان و کۆمەڵگەی ئەخلاقی پۆلیتیک دەکات. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بەڕێز ئۆجەلان نەک تەنیا کورد بەڵکو نوێنەرایەتی هەموو گەلانی چەوساوەی دونیاش دەکات. دەبێت خوێندنەوەی بەڕێز ئۆجەلان لەسەر ئەم بنچینەیە بێت. ئەگەر دووچاری ئەو هەموو هێرشە دەبێتەوە، ئەگەر دووچاری ئەو هەموو گوشار و فشارە دەبێتەوە، سەرچاوەکەی بۆ ئەو خاڵە دەگەڕێتەوە. ئەمە کرۆکی واتای ئەو هێرشەیە کە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا کرایە سەری. ئەمریکا ئەگەر مامەڵەی دوژمنکارانە لەگەڵ بەڕێز ئۆجەلان دەکات؛ تەنیا لەبەر ئەوە نییە کە پرسی کوردی لەسەر بنچینەی ڕاست باسکردووە، نەخێر؛ بەڵکو هۆکاری چینایەتی، سیاسی و ئایدیۆلۆژیشی لەپشتەوەیە. بەڕێز ئۆجەلان بە دوژمنی چینایەتی، ئایدیۆلۆژی و سیستەمەکەی خۆی دەزانێت. ئەگەرنا تەنیا لەبەر ئەوەی هاوکاری و پشتیوانییەک بدات بە دەوڵەتی تورکیا بەم ئەندازەیە دوژمنایەتی بەڕێز ئۆجەلان ناکات، بەهۆی هەڵوێستی سۆسیالیستی و ئەخلاقییەکەیەتی لەبەرامبەر بە خودی ئەمریکا. ئەڵمانیا و ئەوروپاش بەهەمان شێوە مامەڵە دەکەن. ئەگەر لە ڕۆژگاری پیلانگێڕیی نێودەوڵەتیشدا هیچ یەکێک لە وڵاتانی ئەوروپا بەڕێز ئۆجەلانیان قەبوڵ نەکردبێت، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە.

# رۆڵی (CPT)
# لە بەڕێوەبردنی سیستەمی زیندانی ئیمڕاڵیدا

(CPT) وەک نوێنەری کۆنسەی ئەوروپا و کۆی ناتۆ، بەرپرسیارە لە جێبەجێکردنی ئەو سیستەمەی سزا و ئەشکەنجەدانە، نوێنەری (CPT) وەک یەکەم نوێنەری هێزە پیلانگێڕەکان، هەر لەگەڵ زیندانیکردنی بەڕێز ئۆجەلاندا سەردانی ئیمڕاڵی دەکات و ئاشکرای دەکات کە وەک کۆمیتەیەکی دژ ئەشکەنجەیە، بەڵام لەماوەی ٢٤ ساڵی رابردوودا نەیتوانیوە ریگیریی لە بچووکترین ئەشکەنجە بکات. راپۆرتی سەردانەکانی بەهیچ شێوەیەک ئاشکرا ناکات، تا دەسەڵاتدارانی تورکیا رەزامەندی لەسەر نەدات. هەموو ئەو رێگرییانەی لە بەڕێز ئۆجەلان دەکرێت کە هەفتانە پارێزەرەکانی و خانەوادەکەی ببینێت، هەموو ئەو گۆشەگیرکردن و سزادانە دیسپلینییانەی بەردەوام و لەسەری دەسەپێنرێن، رێگیریکردن لە چوونەدەرەوەی لە ژوورە تاکەکەسییەکەی، رێگیرییکردن لە پێگەیشتنی پەرتووک، رۆژنامە، گۆڤار – بەتایبەتی لەم ١٢ ساڵەی رابردوودا، لێسەندنەوەی پێنووس و دەفتەر بۆ نووسین و یادداشتکردن، بێبەشبوون لە یاسای نێودەوڵەتی و یەکێتی ئەوروپا کە بە "یاسای هیوا" ناودەبرێت و بریتییە لە ئازادبوون لە زیندان دوای بەسەربردنی ٢٠ ساڵ بەسەر زیندانیبوونیدا، ژەهرخواردکردنی لە ساڵی ٢٠٠٧، و ئەمانە چەندین سزا و تاوانی دیکە هەر هەمووی ئەشکەنجەی دەروونی، رۆحی و جەستەیین، بەڵام (CPT) لەبەرامبەر هەموو ئەمانەدا هیچ هەڵوێستێک و بڕیارێکی دژ بەو سزا و ئەشکەنجانە نەداوە و دۆخەکە لە پارێزەرەکان و خانەوادەی بەڕێز ئۆجەلان و گەلی کوردستان و رای گشتی جیهان دەشارێتەوە.

ئێستا کە ٢١ مانگە هیچ هەواڵێک و زانیارییەک لەبارەی ژیان و تەندرووستی بەڕێز ئۆجەلان نازانرێت، کەچی (CPT) هیچ زانیارییەک لەم بارەیەوە ئاشکرا ناکات. لەم ماوەیەدا کە دوو جار سەردانی تورکیای کردووە بەمەبەستی چوونە ئیمڕاڵی، بەڵام زانیارییە بەدەستخراوەکانی پارێزەران ئەوە ئاشکرا دەکەن کە هەردووجاریش دیدار لەگەڵ بەڕێز ئۆجەلان و سێ زیندانییەکەی تری ئیمڕاڵی ئەنجام نەدراوە. بۆچی دیدارەکان ئەنجام نەدراون؟ ئەگەر ئەنجامدراون دۆخی ژیان و تەندرووستی بەڕێز ئۆجەلان و زیندانیانی تر چۆنە و لە ئیمڕاڵی چ گوزەراوە و دەگوزەرێت؟ (CPT) وەلامی ئەو پرسیارانە و دەیان پرسیاری تری پارێزەران و خانەوادەی زیندانیان و گەلی کوردستان و جیهان ناداتەوە.

(CPT) له کۆمیتەیەکی دژە ئەشکەنجە و بەرگریکردن له مافی زیندانیانەوە بۆتە پارێزوان و بەرگریکار له سیستەمی سزا و ئەشکەنجەی زیندانی ئیمرالی.

بێگومان هەڵوێستەکانی (CPT) درێژکراوەی هەڵوێستەکانی هێز و دەوڵەتە پیلانگێرەکانە که به گەلەکۆمەیی بەڕێز ئۆجەلانیان دەستگیرکرد و رادەستی تورکیایان کردەوە. هەروەها درێژکراوەی هەڵوێست و بڕیارەکانی دادگای مافەکانی مرۆڤی ئەوروپایە، که دۆزی بەڕێز ئۆجەلانیان وەک دۆزی کەسیی کەسێک بینیوە، نەک دۆزی گەل و نەتەوەیەک که دژ به سیاسەتەکانی داگیرکاریی و فاشیزمدا راپەڕیوە و شۆڕشی بەرپا کردووە و بەرگری رەوای لەخۆی کردووە. ئەگەر دادگای مافەکانی مرۆڤی ئەوروپا بەگوێرەی رێسا و بنەماکانی مافی مرۆڤ و مافی گەلان له دیاریکردنی چارەنووسی خۆی له جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ و یاساکانی یەکێتی ئەوروپا له دۆزی بەڕێز ئۆجەلان و گەل و نەتەوەکەی و بزووتنەوە ئازادیخوازەکەی نزیک ببووایە و بڕیارێکی دادپەروەرانەی بدایە، ئەوا مسۆگەر (CPT)یش بەم شێوەیە بێباکانە له دۆخی دژواری زیندانی ئیمرالی نزیک نەدەبۆوە و هەستیارێتی دۆخەکە و هەستیارێتی گەلی کوردستان و ئازادیخوازان لەبەرامبەر به ژیان و تەندروستی و ئازادیی بەڕێز ئۆجەلانی رەچاودەکرد. ئەگەر نوێنەری (CPT) لەیەکەم سەردانیدا بۆ ئیمرالی که گووتی:"لەم زیندانەدا دەمێنیت، ئێمەش لەڕێی کۆنسەی ئەوروپاوە هەوڵی چاودێریکردنی ئێرە و پێشخستنی هەندێک چارەسەری دەدەین."

کوا چاودێرییەکانی بۆ ئەو دۆخە دژوارەی زیندانی ئیمرالی؟ کوا ئەو هەوڵانەی کەوا دەبووایە بۆ پێشخستنی چارەسەری دۆزی رەوای گەلی کورد، که ئەمڕۆ له دۆزی بەڕێز ئۆجەلاندا بەرجەستەیە و گوزارشتی خۆی دەکات؟

لەکاتێکدا دۆزی بەڕێز ئۆجەلان و گەلەکەی دۆزێکی رەوای ماف و ئازادییەکانە، رەهەندی یاسایی و سیاسیی هەیە، بەم هەڵوێستانەی دادگای مافەکانی مرۆڤی ئەوروپا و(CPT) تەواو له رەهەندە یاساییەکەی داماڵراوە و تەنیا سیاسیانە و لەبەرژەوەندی سیاسەتی داگیرکاریی و فاشیزمی تورکیا و بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتانی ناتۆ له تورکیا و کوردستان و خۆرهەڵاتی ناوین سیاسیانە هەڵسوکەوت دەکات و هەڵوێست وەردەگرێت. ئەمەش بەواتای خۆداماڵینی (CPT) و دادگای مافەکانی مرۆڤ له هەموو پێوەرە ئەخلاقی و حقوقی و یاساییەکانی مافەکانی مرۆڤ و جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ و وەک لایەنێکی سیاسی دژ به دۆزی رەوای گەلی کورد و بەڕێز ئۆجەلان هەڵسوکەت دەکەن و هەڵوێست دەنوێنن.

بەڕێز ئۆجەلان لەمیانەی هەزاران لاپەڕەی بەرگرینامەکانی بۆ دادگای مافەکانی مرۆڤی ئەوروپا "لەدەوڵەتی راهیبی سۆمەرەوە بەرەو شارستانێتی دیموکراتی- بەرگریکردن له گەلێک – مانیفێستۆی

شارستانێتی دیموکراتی، پێنج بەرگ" و سەرجەم بەرگرینامەکانی تری و نەخشەڕێی چارەسەری دیموکراتی و تەواوی چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ پارێزەرەکانیدا، رەگوریشەی مێژوویی، کولتووری، ئابووری و سیاسی دۆزی رەوای گەلی کوردی خستۆتەڕوو، بە وردی باسی لە رۆڵی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی و دەوڵەتانی خۆرئاوا لە پەیدابوون و قووڵکردنەوەی پرسی کورد کردووە. هەروەها جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە دادگای مافەکانی مرۆڤی ئەورووپا و دەوڵەتانی خۆرئاوا لەئەگەری نزیکبوونەوەیەکی ئەرێنیدا دەتوانن رۆڵی خۆیان لە چارەسەری دیموکراتی و ئاشتیانەی دۆزی ماف و ئازادی گەلی کورد ببینن، ئەگەر ئەو رۆڵە ئەرێنییە نەبینن ئەوا پرسی ماف و ئازادی گەلی کورد و بەڕێز ئۆجەلان قووڵتر دەبێتەوە و زیاتر بە ئاراستەی بنبەستی و گێژاو دەڕوات و لەئاکامدا شەڕ و پێکدادان و کاولکاریی و جینۆسایدی گەلی کورد دەڕوات. بەڕێز ئۆجەلان بە ئەرگۆمێنت و هەڵسانگاندنی وردەوە تیشکی خستۆتە سەر رەهەندی تورکیایی و خۆرهەڵاتی ناوینی و نێودەوڵەتیانەی دۆزی گەلی کورد و دۆزی خودی خۆی و رۆڵی یەکێتی ئەورووپا لە چارەسەرکردنی پرسی کورددا باسکردووە. بەڵام نە یەکێتی ئەورووپا، نە دادگای مافەکانی مرۆڤی ئەورووپا و نە (CPT)ش ئەو هەموو ئەرگۆمێنت و هەڵسەنگاندنی نێو بەرگرینامەکانی بەڕێز ئۆجەلانیان لەبەرچاو نەگرتووە و پشتگوێیانخستووە و بەگوێرەی بەرژەوەندییە باڵاکانی خۆیان و بە پێشێلکردنی رێسا و یاساکانی خۆیان هەڵسوکەوتیان کردووە.

بەڕێز ئۆجەلان بۆئەوەی پرسی ماف و ئازادیی گەلی کورد بە ئاراستەی ئاشتی و چارەسەری دیموکراتی بڕوات، چەندین پڕۆژەی ئاشتی و دیموکراتی و چەندین دەستپێشخەری ئاشتیخوازانەی لە زیندانی ئیمرالی پێشخستووە، بزووتنەوەی ئازادیی گەلی کوردستان بەدەیان هەنگاوی کرداری لەم پێناوەدا هاوێشتووە. بەڵام لەبەرامبەر بە هەر پڕۆژە و دەستپێشخەرییەکی ئاشتیخوازانە و دیموکراتیانەی بەڕێز ئۆجەلان و بزووتنەوەی ئازادیی کورددا، ئاکەپە-مەهەپە، ئەنجوومەنی ئاسایشی میللی (MGK)، ئەرگەنەکۆن، بەچاوپۆشی و پشتیوانی ناتۆ، یەکێتی ئەورووپا و دادگای مافەکانی مرۆڤی ئەورووپا و (CPT) ئەڵقەیەکی تری پیلانگێڕیی دژ بە بەڕێز ئۆجەلان و گەلی کورد و بزووتنەوە ئازادیخوازەکەی چنراوە و جێبەجێیان کردووە. دواترین نموونەش کۆتاییهێنان بوو بە پرۆسەی دیالۆگی ئاشتی و لەیەک تێگەیشتنی دۆڵمە باخچە (ساڵانی ٢٠١٢-٢٠١٥)، کە بەدەستپێشخەری بەڕێز ئۆجەلان لەنێوان نوێنەرانی کورد و نوێنەرانی دەوڵەتی تورکیا بەڕێوەچوو. کە لە نیسانی ٢٠١٥دا ئەردۆگان مێزی گفتوگۆکانی قڵپکردەوە و کۆتایی بەو دیالۆگ و لێکتێگەیشتنەی هێنا و لە ٢٤ی تەممووزی ٢٠١٥شدا دەستی بە ئۆپەراسیۆنی سەربازی و سیاسی کرد و شەڕێکی

سەرتاپاگیریی قڕکردنی دژ بە گەلی کورد ڕاگەیاند و گۆشەگیرییەکی توندیشی لە زیندانی ئیمڕاڵیدا داسەپاند.
ئەوەی ئەمڕۆ دەبینین کە لەیەککاتدا هاوکات لەگەڵ ئەو گۆشەگیرییە توندەی بەسەر زیندانی ئیمڕاڵیدا سەپێنراوە، شاڵاو و هێرشی سەربازی بۆ سەر سێ بەشی کوردستان بە چڕی و فراوانییەوە دەستپێکردووە، لە بەرزترین ئاست و بە نوێترین تەکنۆلۆژیای سەربازیی ناتۆ، بە بەکارهێنانی چەکی قەدەخەکراو و کیمیاوی، بەهاوکاریی هێزە بەکرێگیراوە کوردییەکان و چەتە تیرۆریستەکانی ناوچەکە، دژ بە گەریلاکانی ئازادیی، شەڕڤانانی هەسەدە، گەلی کورد لە باکوور، باشوور، ڕۆژئاوا و باکوور-ڕۆژهەڵاتی سوریا بەردەوامە لە هێرش و شاڵاوە قڕکارییەکانی. بەڵام وەکو دیارە؛ چەندە لەو هێرش و شاڵاوانەیدا شکست دێنێت و بێ ئەنجام دەبێت، زیاتر و زیاتر ڕادە و ئاستی گۆشەگیرییکردن لەسەر بەڕێز ئۆجەلان و زیندانیانی دیکە، توندتر و دڕندانەتر دەکات. هەموو ئەمانەش بە بەرچاوی (CPT) و یەکێتی ئەوروپا، ئەمریکا، نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و تەواوی جیهاندا بەڕێوە دەچێت، بێ ئەوەی هەڵوێستی پێویست و لێپراوانەیان سەبارەت بەم دۆخە هەبێت.
لە دۆخێکی وەها؛ وەک چۆن بەڕێز ئۆجەلان زیاتر لە ٢٤ ساڵە لەدژوارترین دۆخی زینداندا مەزنترین و مێژوویيترین بەرخۆدانی پێشخستووە، ئەوا گەلی کورد، بزووتنەوەی ئازادیی کوردستانیش، جگە لە بەرخۆدان و بەرگری ڕەوای خۆی هیچ ڕێگەیەکی دیکەیان لەبەردەمدا نەماوە. وەک چۆن بەڕێز ئۆجەلان، زیندانی ئیمڕاڵی کردۆتە پلاتفۆڕمێک بۆ بەرخۆدان و هاویشتنی قەڵەمبازی نوێی پارادیگمایی، ئەوا گەلی کورد و بزووتنەوەکەیشی، بەرۆحێکی سەفەربەریی گشتگیر و هەمەلایەنەوە، بەئامانجی تێکشاندنی گۆشەگیریی سەر ئیمڕاڵی، ئازادکردنی جەستەیی بەڕێز ئۆجەلان و زیندانیانی تر، تێکشکاندنی فاشیزم و داگیرکاریی، تێکۆشان و بەرخۆدانێکی سەفەربەرییانە تێدەکۆشێت.
ئێستا دۆخێکی مەترسیدار لە زیندانی ئیمڕاڵی لەئارادایە، سەرەرای ئەوەی (CPT) ڕایگەیاندووە کە چۆتە ئیمڕاڵی، بەڵام هیچ زانیارییەکی سەبارەت بە دۆخی بەڕێز ئۆجەلان و زیندانیانی دیکە ڕانەگەیاندووە و نازانرێت لەم ٢١ مانگەی ڕابردوودا چی لە زیندانی ئیمڕاڵیدا گوزەراوە و ئێستا چی دەگوزەرێت. ئایا (CPT) لەو دووجارەی چۆتە تورکیا بەمەبەستی دیدار لەگەڵ بەڕێز ئۆجەلان و زیندانیانی تر لە ئیمڕاڵی، دیداری ئەنجام داوە یان نا؟ ئەگەر دیداری ئەنجامداوە دەبێت زانیاریی و ڕوونکردنەوەی پێویست بدات لەبارەی دۆخی زیندانیانی ئیمڕاڵی. ئەگەر دیدارەکانی ئەنجام نەداوە، بۆچی ئەنجامی نەداوە و هۆکارەکانی بە ڕوونی ئاشکرا بکات. بۆچی ڕێگە بە پارێزەرانی زیندانیان و خانەوادەکەیان نادرێت دیدار و چاوپێکەوتن ئەنجام بدەن؟ ئەم دۆخە نائاساییەی زیندانی ئیمڕاڵی

تا کەی وەها لەلایەن (CPT)وە بە شاردراوەیی دەهڵێدرێتەوە؟ دەبێت (CPT) لەم دۆخەدا رۆڵی یاسایی و ئەخلاقیی خۆی ببینێت، نەک هەر تەنیا وەڵامی ئەو پرسیارانەی گەلی کورد، خانەوادەی زیندانیان و پارێزەرەکانیان بداتەوە، بەڵکو دەبێت تەواوی هەستیارێتی دۆخەکە بۆ گەلی کورد و بزووتنەوە ئازادیەکەی رەچاو بکات. ئەم دۆخە نائاسایی و گومانلاوییەی ئیمرالی، دەرهاویشتەی زۆری لەگەڵ خۆیدا هێناوە و دەهێنێت، کە لەسەرووی هەموویانەوە هەموو پڕۆژە و دەستپێشخەرییەکانی بەرێز ئۆجەلان و بزووتنەوەی ئازادیی بۆ ئاشتی و چارەسەری بەلاوە نراوە و تورکیا و یەکێتی ئەوروپا و ناتۆ خۆیان بە موخاتەب نابینن و پشتگوێیان خستووە. لەمەش مەترسیدار تورکیا بە هێرش و شالاوی سەربازی و سیاسی دژ بە سێ بەشی گەلی کوردستان شەرێکی قڕکاریی و جینۆساید بەهاوکاریی هەمەلایەنەی ناتۆ بەڕێوە دەبرێت. واتا؛ بەهەمان شێوەی دۆخی نائاسایی زیندانی ئیمرالی، لەئاستی کوردستانیشدا لەمیانەی هێرش و شالاوەکانی قڕکردندا، رژێمی تورکیا دۆخێکی نائاسایی درووست کردووە. بۆیە ئەم دۆخە نائاساییەی ئیمرالی و کوردستان، لەگەڵ خۆیدا زەمینەی دیالۆگ و دانوستانی ئاشتی و چارەسەری دیموکراتی تەواو لەباربردووە. لەمەشدا هەر تەنیا رژێمی تورکیا لێی بەرپرس نییە، بەڵکو لەهەمانکاتدا ناتۆ، ئەمریکا، یەکێتی ئەوروپا، دادگای مافەکانی مرۆڤی ئەوروپا و خودی (CPT) لێی بەرپرسیارن و هاوبەشە تاوانن و زەمینە خۆشکەری ئەم دۆخە نائاساییەی ئیمرالی و کوردستان و خۆرهەلاتی ناوینن.

# هەڵسەنگاندنێک

# بۆ دۆخی نائاسایی ئێستای سیستەمی زیندانی ئیمرالی

بیرمەند و رێبەری تێکۆشانی ئازادی عەبدوڵلا ئۆجەلان کە ٢٤ ساڵە لە دوورگەی ئیمرالی زیندانییکراوە، لەکاتێکدا؛ درێژە بە سزا و جۆرەکانی ئەشکەنجە لەدژی دەدرێت کە لەمێژوودا نموونەی کەمە، لە هەمانکاتدا گوزارشت لە درێژترین و گەورەترین بەرخۆدانییەکانی مێژوویی دەکات.

زیندانی ئیمڕاڵی؛ زیندانێکی ئاسایی نییە و یاسا، دیسپلین، ژیان و سیستەمی ژیانیشی وەکو زیندانەکانی تر نییە. بە تەواوی تایبەت، بە یاسایی و سیستەمی توند ڕێکخراوە و لە هەموو لایەکیشەوە وەکو زیندانێکی تایبەت بەردەوام لە شێوەگرتن دایە.
هەرچەندە زیندانی ئیمڕاڵی لەڕووی بیناسازییەوە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی تیادا نەکرابێت، لەڕووی کۆنترۆڵ و ڕێکارەکانی بەڕێوەبردنییەوە، لەهەموو ڕوویەکەوە بە یاسا و ڕێسای تایبەت سەرلەنوێ شێوەگیر کراوە، زیندانێکە لەلایەن تایبەتترین و ڕاهێنراوترین هێزی دەوڵەتی تورکیاوە دەپارێزرێت. بە یاساکانی چاخی ناوین بەڕێوە دەبرێت. دوورگەی ئیمڕاڵی کە بە "مامەڵەی تایبەت لەگەڵ بەندکراوی تایبەت"، "زیندانی تایبەت"، "پاراستنی تایبەت"، "یاسای تایبەت" و "هێزی تایبەت" و بە پەیڕەوکاری تایبەت و زۆر تایبەتتر بەڕێوەدەبرێت، دەشێت بڵێین؛ لە ئاستی بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەت و وڵاتێکدا و تەنانەت بە پەیڕەوکار و ڕێکاری توندتر هەڵسەنگاندنی بۆ کراوە و سیستەمێکی تایبەت و توندی بۆ دانراوە. ئەگەر هەندێک زیندانیش هەبن کە بە پەیڕەوکاری سیستەمی تایبەت بەڕێوە ببرێت، بەڵام هیچ یەکێکیان لەو زیندانە ناچێت کە لە دوورگەی ئیمڕاڵی بونیادنراوە. دەبێت ئەوە بخرێتەڕوو کە گۆشەگیرکردنی توند و پەیڕەوکاریی توند جۆرە پەیڕەوکارییەکی تایبەتن بە دوورگەی ئیمڕاڵی.
هۆکاری ئەم ستاتۆ تایبەتە و ئەم پەیڕەوکارییە تایبەتە، بێگومان بۆ پێگەی بەڕێز ئۆجەلان دەگەڕێتەوە کە لە دوورگەکەدا زیندانیی کراوە. کاتێک بەڕێز ئۆجەلان کە ڕێبەرایەتی شۆڕشێکی مەزن لە کوردستان دەکات جێگەی باس بێت، بەلای دەوڵەتی تورکیاوە هەموو شتێک ڕەوایە. هەڵوێستی دەوڵەتی تورکیا لەبەرامبەر بە ڕێبەرێک کە پەنجا ساڵە لەدژی تێکۆشان دەکات، ئەوەی کە ئەو بەدەستیهێناوە بە هیچ ڕێبەر و سەرکردەیەکی تر نەکراوە، وەکو چۆن ملکەچی نەبووە، نموونەی بەرخۆدانییەکی گەورە و ژیانییشی نیشانداوە. ئەو ستاتۆ و پەیڕەوکارییە تایبەتە لە هەمانکاتدا تۆڵەکردنەوەیەکە، سیاسەتێکی قۆستنەوە، ڕادەستگرتن و بە زۆر پێکردنی داخوازییەکانی خودی دەوڵەتە. بەڵام ڕێبازێکە لە هەمووی زیاتر بۆ پیلانگێڕی دانراوە و جێبەجێ کراوە و دەکرێت. ئەمە یەکێکیشە لە هۆکارە سەرەکییەکانی بەمجۆرە بێ ویژدانانە و بەدڕەوشتانەبوونی سیستەمە بونیادنراوەکە. لە ڕەهەندێکی تریشەوە بە ڕوونترین و ئاشکراترین شێوە جێبەجێکردنی سیاسەتی دەوڵەتی تورکیایە هەم بۆ تۆڵەکردنەوە و هەم بە دوژمن خوێندنەوەی کورد و بەڕێز ئۆجەلانە. دەوڵەتی تورکیا بەڕێز ئۆجەلان بە دوژمنی خۆی لەقەڵەم دەدات. دوژمنایەتییەکەیشی دوژمنایەتییەکی هەروا ئاسایی نییە. هەڵبەت جۆرە دوژمنایەتییەکیش هەرتەنیا نییە لە ڕق و کین و نەفرەتی ئەنجامی قۆناخی شەڕی نێوان دوو هێزەوە سەرچاوە بگرێت. دوژمنایەتییەکەی ئەو

خراپترین دۆخی ڕواڵەتی و قووڵترین و جیاوازترین خۆنواندنی سۆز و فیکر و هزرێکی زۆر جیاوازترە. ئەم دوژمنایەتییە زیاتر لە دۆخی لێکدانەوەی فاشیستی، ڕەگەزپەرستی، تورکچێتی، نەتەوەپەرستی و ئایینگەراییانە خۆی دەسەپێنێت. پەیڕەوکاریی و ستاتۆی تایبەت و گونجاندنی سیستەمی زیندانێکی وەها بۆ ئەم دوژمنایەتییە دەگەڕێتەوە کە لێوانڕێژە لە ڕق و قین و نەفرەت و هەر بەمانەش پێگەیەندراوە. واتا سیستەم و ستاتۆی زیندانی ئیمڕاڵی جۆرە پەیڕەوکارییەکە کە بەگوێرەی کۆنسێپتی ئەو دوژمنایەتییە تایبەتەی دەوڵەتی تورکیا بونیادی گرتووە. لەبەر ئەوەیە کە هەموو شتێک تایبەت و تایبەتییە.

ئامانجێکی تری ئەم دۆخی سیستەم و ستاتۆیەی بەم پەیڕەوکارییە تایبەت و تایبەتییەی دروستکراوە؛ داڕزاندنە. ئەوەی لە ئیمڕاڵی پراکتیزە دەبێت؛ قەباترین شێوەی سیاسەتی کوشتنی هەنگاو بە هەنگاو، بە ئازاردان و بە داڕزاندنە. ڤێرژنێکی تری تۆڵەکردنەوەی دەوڵەتی تورکیایە لە بەڕێز ئۆجەلان کە بە دوژمنی خۆی دەزانێت بەمجۆرەیە. زیهنییەتێک هەیە دەڵێت: "بە جارێک کوشتن نابێت، دەبێ ئازار بچێژێت، ماوەیەکی درێژ لەوێ بمێنێتەوە و بزانێت دونیا چۆن دەخولێتەوە، هەتاوەکو دەبێت بە وشکە پێست و ئێسکێک بگات و پاشانیش چی پێویست بکات؛ بکرێت" و ئێستاکە بەهەموو دژوارییەکەوە هەوڵدەدرێت ئەم سیستەمە پراکتیزە بکرێت.

# ئەرک و بەرپرسیارێتی لەم دۆخە نائاساییەدا

لەپێناو تێپەڕاندنی ئەم دۆخە نائاساییەی لە ئیمڕاڵی بەتایبەت و لە کۆی کوردستاندا بەگشتی، هەروەها بەدیهێنانی ئازادیی جەستەیی بەڕێز ئۆجەلان و زیندانیانی دیکە، کۆتاییهێنان بە فاشیزم و داگیرکاریی، کۆمەڵێک ئەرک و بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئەستۆ هەموو لایەک:

1. لەبەرئەوەی دۆزی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان هەر تەنیا دۆزی کەسێک و ڕێبەرێک نییە، بەڵکو دۆزی تەواوی گەلی کوردستانە، پێویست دەکات گەلی کوردستان لەهەر چوار بەشی کوردستان و دەرەوەی وڵات، بەرۆحی سەفەربەری گشتی لە شەقام و گۆڕەپانەکاندا، بە چالاکی جۆراجۆر و کاریگەر، ئاستی تێکۆشانی ئازادیخوازانە و دیموکراتیانەی خۆیان بەهێز بکەن.
2. پێویست دەکات فشار و گوشارەکان بۆ سەر (CPT) و دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا، پەرلەمان و کۆنسەی ئەوروپا، ناتۆ، ئەمریکا زیاتر بکرێن تا هەستیارێتی گەلی کورد و

جیهانی مرۆڤایەتی رەچاو بکەن و پێگەی بیرمەندێتی و رێبەرێتی ئازادیخوازیی بەرێز ئۆجەلان رەچاو بکەن و کۆتایی بە دۆخی نائاسایی زیندانی ئیمرالی بهێنن و "یاسای هیوا" کە دەستبەجێ ئازادکردنی بەرێز ئۆجەلانە، جێبەجێ بکەن.

3. پێویستە دەستبەجێ تیمێکی پزیشکی سەربەخۆی نێودەوڵەتی بچێتە زیندانی ئیمرالی و پشکنینی پێویست و ورد بۆ زیندانیانی ئیمرالی بکرێت و هەموو دەرئەنجامەکانی پشکنینەکانیان بۆ رای گشتی گەلی کورد و جیهان رابگەیەنرێت.

4. پێویستە بۆ ئازادیی جەستەیی بەرێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان بەگوێرەی "یاسای هیوا- مافی هیوا" دەستبەجێ کۆنسەی یەکێتی ئەورووپا و دادگای مافی مرۆڤی ئەورووپا ئەو یاسا و مافە بۆ بەرێز ئۆجەلان دەستەبەربکەن و ئازاد ببێت.

5. هاوکات لەگەڵ هەوڵدان بۆ لابردنی دۆخی نائاسایی زیندانی ئیمرالی و شکاندنی گۆشەگیریی توند و سزا بەردەوامەکان لەسەر بەرێز ئۆجەلان و زیندانیانی دیکە، لەسەر بنەمای **"گۆشەگیریی تێکدەشکێنین، ئۆجەلان ئازاد دەکەین"** هەموو کار و چالاکییەکانی گەلی کورد بۆ ئازادیی جەستەیی بەرێز ئۆجەلان چڕ بکرێتەوە و ببێتە ئامانجی سەرەکی تێکۆشانی ئازادیی گەلەکەمان، کە لەگەڵ خۆیدا ئاشتی، چارەسەری دیموکارتی دۆزی کورد و ئازادیی گەلی کورد بەدیدێنێت.

6. لەبەرامبەر ئەو هێرش و شاڵاوە داگیرکارییانەی کەوا رژێمی تورکیا، بەهاوکاریی ناتۆ و هێزە بەکرێگیراوە کوردییەکان، بەرێوە دەچێت، لەسەر بنەمای **"فاشیزم و داگیرکاریی تێکدەشکێنین، کوردستان ئازاد دەکەین"** کار و چالاکییەکان لەهەموو کوردستان و دەرەوەی وڵات لە ئاستێکی بەرزدا بەرێوە بچێت.

7. لەباشووری کوردستانیشدا، ئەو دۆخە ناهەموار و دژوارەی کەوا لەباشووری کوردستاندا، هاتۆتە ئارا، بەهۆی داگیرکاریی تورکیا و هێزە وابەستە کوردییەکان بە رژێمی تورکیاوە روویداوە، کە ئەو هێزە وابەستانە، لەسەرووی هەموویانەوە، پەدەکە-ئێراق، هەموو باشووری کوردستانی بە بارمتە گرتووە و خۆیشی بارمتەی تورکیا کردووە، دەبێت کۆتایی بەو دۆخە داگیرکارییە بهێنرێت. بۆیە دۆخی باشووری کوردستان، راستەوخۆ بە دۆخی زیندانی ئیمرالییەوە پەیوەستە. چەندە تێکۆشان دژ بە گۆشەگیریی سەر ئیمرالی و دژ بە فاشیزم و داگیرکاریی تورکیا بکرێت، ئەوەندە دۆخی باشووری کوردستانیش گۆرانکاریی بەسەردا دێت و ئەو دۆخی بەبارمتەگرتنی باشوور کۆتایی پێدێت. بۆیە پێویست دەکات؛ یەکبوونی کار و چالاکییەکان دژ بە گۆشەگیریی توندی ئیمرالی، فاشیزم و داگیرکاریی و

بەبارمتەگرتنی باشوور لەلایەن پەدەکە-ئێراقەوە بێتەدی و تێکۆشانی نەتەوەیی و نیشتمانی و دیموکراتی ئاوێتەی یەکتر ببێت.

8. پێویست دەکات، لایەنە سیاسییەکان، ڕێکخراوە مەدەنییەکان، دەزگا راگەیاندنییەکان، کەسێتییە سیاسی، رۆشنبیریی، پارێزەران و مافپەروەران، چالاکوانان، لەسەرووی هەموویانەوە ژنان و گەنجان، ئەرک و بەرپرسیاریێتی نەتەوەیی و نیشتمانی، ئەخلاقی و ئینسانی خۆیان بەرامبەر بە دۆزی ئازادیی بەڕێز ئۆجەلان و گەلەکەمان بەجێبێنن و رۆڵی ئازادیخوازیی و دیموکراتیخوازیی خۆیان ببینن.

**کۆمیتەی ئازادیی ئۆجەلان – باشووری کوردستان**
**12.12.2022**